Peyam

ژمارە (٦٣) یەك شەممە ٢٣ی ذي القعدة/ ١٤٣١ ٩ی گەلاوێژانی ٢٧١٠ ٢٠١٠/١٠/٣١

گۆڕە

ڕۆژنامەنووسیشمان بوونە موفتی!

سەرنووسەر

خەریکە بە چری کار بۆ ئەوە دەکرێت، کە فەتوا لە کوردستان یەکبخرێتەوە، ئەو فەوزایەی ئێستاکە لەبواری فەتوا هەیە تا حەدێك یەکبخرێت، کەچی لەو کاتەی هەوڵ دەدرێت لەنار مامۆستا بەرێزەکانی ئایینی ئەو بابەتە چارسەر بکرێت، ڕۆژنامەنووسیشمان لێ بوونەتە موفتی.

لەژمارەی ڕابردووی (پەیام) بە پشت بەستن بە سەرچاوەی دروست بڵاوکردەوە، کە لە قوتابخانەیەك وانەی ئینجیل لەپەنای وانەی مێژوو دەخوێندرێت، ئێمە چاوەڕوان بووین، وەك هەڵەکەی پەروەردەی ئیسلامی یەکسەر چارسەر بکرێت، وەلێ ڕۆژ عەنتیکاتە بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف (وەك ئەوەی لە هەموو شیوان ئەسکۆیێت) خۆی هەڵقوڕتاندە نار باسەکەو، پێچەوانەی ڕای وەزارەتی ئەوقاف و لەماڵپەڕی زمانحاڵی ئەوقاف بڵاوی کردەوە، کە لەو قوتابخانەیە ئینجیل ناخوێندرێت، پاشان ئەو پێی وابوو خۆ (ئینجیل مادەی هۆشبەر نییە) کەواتە ئەگەر بشخوێندرێت ئاسایە.

جارێ بەلگەکانو خودی موشریفی گشتیو پەروەردەو ئەوقاف دەڵێن دەخوێندرێت، کەچی ئەو گوایە مەنهەجی خوێندۆتەوە، بەس نازانم بۆ ڕاستییەکانی شاردنەوەو، هەوالّەکەی شێراند گوایە (پەیام) نووسیویەتی ئینجیل وەك وانەیەکی سەربەخۆ دەخوێندرێت، کە ئەمەش وانییە، خۆزگە تاقەتی هەبا هەوالّەکە بخوێنێتەوە.

ئەوەی پتر مەبەستی منە قسەی کۆتاییە، کە پێی وایە خۆ ئینجیل مادەی هۆشبەر نییە، هەتا خوێندنی قەدەغە بێ، ئەوشی بۆخۆی زیاد کرد، کە لە هەوالّەکە نییە، بەڵام لەسەر ئەوە بە (مدیری ئیعلامی ئەوقاف) دەڵێم: کەس نەیگوتووە ئینجیل مادەی هۆشبەرە، ئێمەش لە بارەڕو عەقیدەوە بڕوامان بە پێکەوەژیان هەیە، نەك لەبەر مەسڵەحەتو چەند سەفەرێکی دەرەوە، بەڵام تۆ بە هیچ شێوەیەك مافی ئەوەت نییە باس لە دروستی و نادروستی ئەوە بکەیت، داخۆ دروستە منداڵی موسڵمانان لە ڕانگەی ئینجیلەوە مێژوو بخوێنن یان نا؟، ئەوە فەتوایە نەك کاری ڕۆژنامەنووسی، ئیشی قەشە بەڕێزەکانە، کە فەتوا بدەن داخۆ منداڵەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی مەسیحی مێژوو عەقیدەیان لە ڕانگەی ئیسلامەوە بخوێنن یان نا؟ ئیشی مامۆستایانی ئایینی بەڕێزیشە کە فتوا بدەن داخۆ ئینجیل دروستە یان نا؟ پێویستیش ناکات، کەس خۆی دەنار فەتوا هەڵقورتێنێت.

لەسالّی ٢٠٠٤وە تا ٢٠٠٨

زیاتر لە 77 هەزار کەس لەعێراق کوژراون

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەسەرەتای سالّی ٢٠٠٤ تا مانگی تشرینی یەکەمی سالّی ٢٠٠٨ بەهۆی کاری تووندوتیژی لە عێراق ٧٧٠٠٠ کەسی مەدەنیو ئەمنی کوژراون.

وەك هێزەکانی ئەمریکا لەبەیاننامەکە ئاماژەیان پێ داوە، ژمارەی بریندارانیش لەنێوان ئەو چوار سالّەدا پتر لە ١٢١٠٠٠ کەسەو، بەڵام بەیاننامەکە بە جیا ئاماژەی بەکوژرانی خەڵکی مەدەنیو سەربازی نەداوە.

وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی عێراقیش ڕایگەیاند: هەر لەسالّی ڕابردوو لەئاکامی کاری تووندوتیژی ٨٥ کەس کوژراوو نزیکەی ١٤٧ دیکەش بریندارببوونە.

ماڵپەڕی Ktv

لە شارێکی ئیتالیا تەنووڕەی کورتو جلی سەرنج ڕاکێش قەدەغە دەکرێت

بەرپرسو کاربەدەستانی شارێکی کەنار دەریاو گەشتوگوزاری لەولاتی ئیتالیا، بەدوای ئەوەوەن، کە جلی کورتو، ڕووتو، سەرنج ڕاکێش بە بڕیارێك قەدەغە بکەن، چونکە بۆتە مایەی شێواندنی ڕەوشتو ئادابی کۆمەڵایەتی.

بەگوێرەی هەواڵێکی کەنالّی (BBC): پارێزگاری شاری (لیوجی بوییۆ)ی ئیتالّی بڕیاری داوە: ڕەوشتو ئادابی جوان جارێکی تر زیندوو بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێو شوێنی جیاجیا دەگرێتەبەر، وەك: قەدەغەکردنی جلو پانتۆڕی کورتو، خۆ دانە بەر ڕۆژ لەکەنار دەریاکانو، یاری تۆپی پێ لەشوێنە گشتییەکان بەو جۆرە جلانەوە، هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات بەبڕی ٦٩٦ دۆلاری ئەمریکی سزا دەدرێت.

بەوتەی پەیامنێری کەنالّەکە: پارێزگاری شارە ئیتالّیەکە، دەیەوێ سیاسەتێك پەیڕەو بکات لەژێر ناوی (نا بۆ لەبەرکردنی جلی ڕووت)و، بەپێی ئەم یاسایەیش، تەنانەت میوانو گەشتیارانیش ناتوانن پێشێلی بنوێنن و جلی سەرنج نیوەڕووت بکەنەبەر.

لەلایەن خۆشیەوە، قەشە (دۆن پاولۆ سیسیری)، ئەم بڕیارەی بە شتێکی باش لە قەڵەم داوەو، ڕاشیگەیاندووە: کە ئەم بڕیارە لە جێی خۆیەتیو، هۆکارێکیشە بۆ ڕێشەکێش کردنی دیاردەی دەستدرێژی سێکسیو بەدڕەوشتی.

توێژینەوەیەکی نوێ:

نوێژکردن بەرگری لەش زیاد دەکات

بەپێی نوێترین توێژینەوە، کە لەسەر نوێژکردن ئەنجامدراوە دەرکەوتووە: کە نوێژ بەرگری لەش لە دژی نەخۆشی بەهێز دەکات، کەسی نوێژکەریش کەسایەتیو سروشتێکی بەهێزو، ئارامو، خۆڕاگرانەی لا دروست دەبێ.

ڕۆژنامەی ئەلئیەهرامی میسڕی، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٦ بڵاویکردەوە: لەتوێژینەوەیەکدا، کە دکتۆرێکی میسری لەکۆلێژی پزیشکی زانکۆی تەنتا ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە: کە نوێژ کرنوشو دانیشتنەکەی، کۆئەندامی دەمار چالاکو جێگیر دەکات، دەردانی ڕێژەی کۆرتیزۆنیش لە لەش ڕێکدەخات، ئەمەیش وادەکات، کە کەسی نوێژخوێن ئارامو، کاراو، دڵ ئاسوودە بکاتو، هەموو ئەندامەکانی لەشیش لە بەرزترین ئاستی هەستەوەری دابێت لەبەردەم نەخۆشییەکان.

هەر لەهەوالّی ڕۆژنامەکەدا هاتووە: کە تا نوێژکردن ئارامیو خشوعی زیاتر بێ، دڵو کۆئەندامی هەناسەیش ئارامترو ڕێکتر کاری خۆیان دەکەن.

شایانی باسە: دکتۆر سەمیر، کە ئامادەکاری توێژینەوەکەیە، خۆی مامۆستای بەرگریو هەستەوەری لەشە لەزانکۆی ناوبراو.

لەخواروو عێراق منداڵێك لەشێوەی بۆق لە دایکبووە!

لەدایکبووە کە کەللەی سەر لەشێوەی بۆقەو هەروەها کەللەی سەری ئەو منداڵە بەبێ ئیسقانەو میشکیشی کەوتۆتە ڕووی دەرەوەی کەللەی سەری.

ناوبراو هەروەها وتی، دایکی ئەو منداڵە تەمەنی ٢٣ ساڵە، کە پێش نێستاش ٦ منداڵی بە ساغو سەڵامەتی بەهێناوەتە دونیاوە. ئەو پزیشکە عێراقییە هۆکاری ئەو حاڵەتە لەدایکبوونەی بۆ گرفتی جینات گەڕاندەوە. جێی ئاماژە پێدانە ئەو منداڵە چەند کاتژمێر دوای لەدایکبوونی مرد.

لەسایتی ktv وەرگیراوە.

لە هەر شوێنێك بێت خوا پەرستین

دوای گۆشت میوە مەخۆن

میوە یەکە لەو بەخششانەی پەروەدگار، کە وەکو خۆراکو تامو چێژ وەرگرتن، جگە لەڕەنگی جوانو بۆنی خۆشیان، کە هەر هەموو ئەمانە بۆ مرۆڤو ئاژەلانە (متاعا لکم ولانعامکم)، بەڵام مرۆڤ خوای گەورە ژیری پێ عەتاکردووەو، پێویستە لەمەشیان نەخشەو پڕۆگرامی هەبێت.

قورئان دەفەرمووێت: (وکلَ شیءٍ خلقناه بقدر) واتە: هەموو شتێك لە دروست کردندا ئەندازەگیری تێدا ڕەچاو کراوە، ئەوەتا هەر ناوچەیەك بەمیوەیەك بەناوبانگە، لەناوچە گەرمەکاندا ئەو ڕوەکانە خولقاوە کە ئاوی زۆرو وزەی زۆریان تێدایە، وە لەناوچە ساردەکانیشدا ئەوانەی کە پلەی گەرمی لەش بەرز دەکاتەوە، لەوە سەیرتر لەیەك ناوچە هەر وەرزێك تایبەتە بەمیوەیەك کە لەشی مرۆڤ پێویستی پێ هەیە، وەکو لە هاویندا لەبەر ئەوەی لەشی مرۆڤ ڕێژەیەکی زۆر ئاو ون دەکات لەڕێی عەرەقەوە، خۆراکە پڕ لەئاوەکانی دروست کردوە وەکو (شوتیو گندۆرەو تەماتە...)، بەپێچەوانەوە لەزستاناندا لەبەر بونی نەخۆشیەکانی (تەنفلەوەنزاو سکچونو کرژبونەوەی پێست....) دەبینی ئەو خۆراکانە پەیدا دەبن کە دەوڵەمەندن بە ڤیتامین (C&G) کە مرۆڤ دەپارێزێت لەدابەزینی پلەی گەرما.

لێرەدا پرسیارێك دەکرێت لەنێوانی میوەو گۆشتدا کامەیان باشترە؟ یان کامیان پێش ئەوەی تر بخورێت؟

پسپۆرانی بواری خۆراك دەڵێن: پێویستە میوە لەپێشدا بخورێت، بۆیە هۆشداری دەدەنو دەڵێن لەدوای گۆشت خواردنو میوە مەخۆن، چونکە پرۆتینو کاربۆهیدراتو چەوری... هتد پێویستیان بەکاتێکی زۆرە تا هەرس دەبن، لەکاتێکدا میوە ئەوەندە ناخایەنێ، ئەگەر لەدوای ناخواردن میوە خورا، ئەوا میوەکە پەلە دەکات لە هەرس بوونو کە خۆراکەکە ڕێی پێنادات لەئەنجامدا میوەکە لە گەدەدا دەترشێتو لاشە سودی تەواوی لێ وەرناگرێت. بۆیە پێویستە پێش گۆشت خواردن میوە بخورێت، یاتن ڕاستەوخۆ دوای گۆشت مەخۆن.

سەیرکە قورئان چۆن پێشی ئەم ڕاستیە کەوتووەو لە باسی قۆناغبەندی خۆراکدا فەرمویەتی: (وفاکهة مما یتخیرون ولحم طیرٍ مما یشتهون) یەکەمجار میوە ئینجا گۆشت.

بەڕێوەبەرایەتی:

خوشکی خێزانی (تۆنی بلێر) موسڵمان دەبێ

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانی بڵاویان کردەوە: (لۆرین بۆس) کە دەکاتە خوشکی خێزانی (تۆنی بلێر)ی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا موسڵمان بووە.

لەدیدارێکدا کە ڕۆژنامەی (دەیلی میل)ی بەریتانی لەژمارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٠/١٠/٢٤ بڵاویکردۆتەوە، (بۆس) کە ئێستا پەیامنێرە لەکەنالّی (پرێس تی ڤی) ئێرانی، ڕاشکاوانە باس لە موسڵمان بوونو، ئاسودەیی ڕۆحی خۆی دەکات. لەدرێژەی وتەکانیدا هاتووە: ماوەی ٦ هەفتەیە موسڵمانبوونی خۆم لە ئێران ڕاگەیاندووەو، حیجاب دەپۆشمو نوێژ دەکەمو لەهاتوچۆی مزگەوتیش بەردەوامم، ٤٥ ڕۆژیش دەبێ ئارەقم نەخواردۆتەوە.

(بۆس) کە ئێستا تەمەنی ٤٣ ساڵە، دوای سەردانی کردنی زۆرێك لەوڵاتانی موسڵمانان، وەك پەیامنێر یان بۆ کاری خێرخوازی، ئێستاش لە بەریتانیا دادەنیشێت.

لەوتەکانیدا ئەوەیشی دوپات کردۆتەوە: کە گۆشتی بەراز ناخواتو، لەوتەی موسڵمانیش بووە تائێستا ٦٠ پەڕی لەقورئانی پیرۆز خوێندووە.

شایانی باسە: کە (لۆرین بۆس) کەسایەتییەکی ناوداری وڵاتی بەریتانیایەو، کچی ئەکتەری بەناوبانگی سینەمایی (تۆنی بۆس)ەو، خوشکی خێزانی (تۆنی بلێر)ی سەرۆك وەزیرانی پێشوتری بەریتانیایە.